# ناوداران

## بەختیار زێوەر



بەختیار زێوەر کوڕی هۆنەری ناوداری گەلەکەمان عەبدوڵڵا زێوەرە. ناوی فایەق کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی مەلا رەسوڵە. ساڵی ( ١٩٠٨) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. سەرەتا لە حوجرە لە خزمەت باوکیدا خوێندویەتی. دواجار قوتابخانەی سەرەتایی تەواوکردووە. دواتر خولی (برینپێچی ئاژەڵان) ی لە شاری بەغدا تەواوکردووەو پاشان دەبێتە فەرمانبەری میری. ساڵی ( ١٩٤٦) کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەو لە سلێمانی کرایەوە، بەختیار زێوەر بێ گوێدانە تەمەن و ئەرکی ژیان و پلەی کۆمەڵایەتی شاعیرانەی، بووەتە قوتابی و لە ساڵی ( ١٩٤٨) دا پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواوکردووە.

لە تەمەنی ( ١٧) ساڵیەوە دەستی بە هۆنینەوە کردووەو لە هۆنراوەکانیدا ( رێچکە ) ی باوکی گرتووەو هۆنراوەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری و دڵدارین. لەوانە (چەند شیرینە لام. براینە لەخەو هەستن. ) لە ( ١٩٥٢/١٢/٣١) دا بە نەخۆشی کۆچیدوایی دەکات و لە گۆڕستانی ( گردی جۆگە ) لە سلێمانی لە تەنیشت باوکیەوە بە خاك دەسپێرێ.

# هەمەڕەنگ



## وێنجە( سێپەڕە )

گیایەکە گەڵاکەی سێ پەلکی هەیە.
گوڵەکەی رەنگی جیاوازی هەیە، لەوانە سپی، پەمەیی و زەردە. گوڵەکەی بۆنێکی خۆشی هەیەو شیلەیەکی شیرین دەرئەدات و لە وەرێکی باشە بۆ ئاژەڵان. بەزۆری لە ناوچە مامناوەندو نیمچە گەرمەکانەوە دەڕوێت. درێژیەکەی نزیکەی ( ٩١) سانتیمەترە.



لە : شیلان
وێنە : سامان عوسمان

## سندوقی بوخچە

سندوقێکە لە کۆندا لە کوردستان بەکارهاتووە. لە ژووردا دانراوەو نوێنی خەوتنیان لەسەر هەڵچنیوەو بۆ جوانیش جاجمێك یان پارچە قوماشێکیان پێداداوە. ئەم سندوقە لە دار دروستکراوەو درێژیەکەی ( ٢)مەترو پانیەکەشی ( ١)مەتر بووە. ( ٢یان ٣) دەرگەی هەبووە کە بە شووشە گیراون و وێنەی کەو و دارودرەختی لەسەر دروستدەکرا. ئێستا ئەم سندووقە دروست ناکرێت و تەنها لە مۆزەخانەکاندا وەك کەرەسەیەکی کۆن پارێزراوە.

